لە تاران هەرشکرایە سەر ماڵی ڕۆژنامەنوسێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان ڕایگەیاند کە ئەمڕۆ سەشەممە، هێزە ئەمنییەکانی ئێران هەرشیان کردووەتە سەر ماڵی نازیلا مەعرووفیان، ڕۆژنامەوانی کوردی خەڵکی سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دانیشتووی تاران و دەستیان گرتووە بەسەر هەندێ لە کەلوپەلە تایبەتیەکانی و لەوانە مۆبایل و لاپتۆپەکەیدا.

نازیلا بە بەاوکردنەوەی ئەم هەواڵە لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە تویتەر ڕایگەیاندووە کە هێزە ئەمنییەکان هەرشیان کردە سەر ماڵەکەی، هەروەها داوایان لە کردووە ڕۆژی شەممەی داهاتوو سەردانی دادسەرای ئەمنییەتی ناو زیندانی ئڤین بکات.

پێشتر نازیلا مەعرووفیان لەبەر بەاوکردنەوەی وتووێژەکانی لەگەڵ باوکی ژینا ئەمینیدا لە سایتی "مستەقل ئینلاین" دەستووری دادسەرای ئەمنییەتی ناو زیندانی ئڤین دەستبەسەر کرا و بە درێژایی ماوەی لێپرسینەوەکان لە دەستبەسەرگەدا، لە لایەن لێپرسەوە ئەمنییەکانەوە بە وەرگرتنی دانپیانانی زەرەملە خرابووە ژێر گوشار و هەڕەشەی قورس و فراوانەوە.

ئەم ڕۆژنامەوانە هەر لەبەر ئەم گوشارانە دوو جار جەدەی سووکی دەی کرد و سەرەڕای هێناردنی بە نەخۆشخانەی موفەتیحی شاری ڕەی، بەڵام بەبێ تەواوکردنی قۆناغەکانی دەرمان گەڕاندبوویانەوە بە ناو

زیندان. دواجار بە دانانی بارمتەی ٦٠٠ میلیۆن تمەنی بە شێوەی کاتی لە زیندانی قەرچەک ئازاد کرا. نازیلا مەعرووفیان لە ساڵی ڕابردوودا لە لایەن لقی 26ی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تارانەوە بە تۆمەتی "بانگەشەی دژ بە حکووومەت" و "بەڕاوکردنەوەی بابەتی درۆ بە مەبەستی تێکدانی ڕای گشتی" لە ڕێگای بەڕاوکردنەوەی وتووێژەوە لەگەڵ باوکی ژینا ئەمینیدا، سزای دوو ساڵ بەندکران و 15 میلیۆن تمەن سەرپێچی و پێنج ساڵ قەدەغەبوونی چوونەدەرەوە لە ئێرانی بەسەردا سەپا.